رووسیا بە هاوکاریی هێزکانی ژەمی سووریا بنکەیەکی سەربازییان لە کەبانی دامەزراند

ناوەندی ئاشتەوایی سووریاو ڕوسیا ڕایگەیاند، هێزکانی رووسیا بەهاوکاریی هێزکانی ژەمی سووریا بنکەیەکی سەربازییان لە کەبانی لەگوندەواری ڕۆژهەڵاتی حەلەب دامەزراندوە.

عەقید ئەلەگ ئیگناسیک جێگری بەڕێوەبەری ناوەندی ئاشتەوایی رووسیا لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێزە چەکدارەکانی فیدراسیۆنی رووسیاو کەماری عەرەبیی سووریا، دامەزراندنی بنکەی کەبانییان لەناوچەی نزیک سنووری سوریاو تورکیا تەواوکردوە.

لەم بارەیەوە، ئاژانسی هەواڵی تاس-ی رووسی ڕایگەیاندوە، مەبەست لەبنکە سەربازییەکە "چاودێریکردنی سیستەمی ڕاگرتنی کردەوە جەنگیەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکانە".